بسم الله الرحمن الرحيم

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

زانكۆی سەلاحەدین-هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# کۆمەڵناسی سیاسی

م. توانا عثمان محمدامین
قۆناغی چوارەم – کۆمەڵناسی

## چەمکی شۆرش و شۆڕشناسی:

- شۆڕش بەمانای(گۆڕانکاری، وەرچەرخان، جێگیۆڕکێ)دێیت، بریتیە لە ئاڵوگۆڕێکی **خێرا**، **ڕیشەیی**، لەزۆربواردا **توندوتیژانە**، دەکرێت پڕۆسەیەک بێت لەروی **کاتەوە کورت یان درێژخایەن** بێیت، بکەرەکیانی پرۆسیەکەش بەشیێوازی جۆراوجۆر ئامادەیی و بەشدارییان تیاییدا هەیە، شۆڕش ئامادەکارییە بۆ خاڵی وەرچەرخان لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە.

- شۆڕشی سیاسی، بریتییە لە ڕووخاندنی سیستەمێکی سیاسیي و جێگرتنەوەی بە سیستەمێکی نوێ، سەرکەوتنی شۆڕش، هەمیشە پێویستی بە **پاڵپشتی هاوڵاتییان** هەیە، **شۆڕش مانای گۆڕانی کۆمەڵایەتییە** لە وڵاتدا، هەروەها مانای **ئاڵوگۆری سیاسیی خۆسەپێنە**، ئەم ئاڵوگۆڕە بە شێوەیەکی **زۆر خێرا و ڕیشەیی و زۆر جارتوندوتیژانەیە.**

- **دەتوانین بڵێین شۆڕشەکان چەندین هۆکاریان هەیە، لەوانە:**

- (سەرکوتکردنی سیاسی، نادادپەروەری و نایەکسانی، قەیران، گۆڕانکارییە ئایدۆلۆژییەکان، ئیلهیام لە شۆڕشەکانیترەوە، پشتیوانی دەرەکی، ناڕەزایی گەنجان، شۆڕشی ڕزگاری خوازی، ناهاوسەنگی لە گەشەسەندن، جیاکاری...هتد).

**تایبەتمەندییەکانی شۆڕشە سیاسییەکان.**

شۆڕشەکان چەندین تایبەتمەندیان هەیە کە دەکرێت بریتیبن لە مانەی خوارەوە.

١- **ڕووخاندنی دەسەلات**: شۆڕشەکان باوەڕیان بە **چاکسازی نییە**، دەیانەوێت سیسەتەمی سیاسەی و حکومەت لە **بنەرەتەوە** بگۆڕن، سەرکردایەتیەکی نوێ و سیسەتەم و حکەوومەتێکی نوێ دروسەت بکەن.

٢- **بەشداری جەماوەر**: بە شێوەیەکی گشتی شۆڕشەکان لەلایەن جەماوەرەوە پشتیوانی دەکرێن، بە **شێوازی ماددی و مەعنەوی** هاوکاری دەکرێن، **ئاستی پشتیوانی شۆڕش لەلایەن هاولاتیانەوە، ئاستی قوربانیدان وسەرکەوتنی شۆڕش دیاری دەکات.**

٣-**پاڵنەری ئایدۆلۆژی**: زۆرجار شۆڕشەکان بەهۆی **بیروباوەڕی ئایدلۆژی و فەلسەفییەوە بەرپادەبن**، ئەو کەسانەی کە بەشداری لە شۆڕشەکاندا دەکەن، بەشێوەیەکی گشتی **ڕوانگەیەکی هاوبەشەیان** هەیە، پێیانوایە ڕوانگە و ئایدۆلۆژیای شۆرشەکەیان، **گۆڕانکاری ئەرێنی** بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

- **بەکارهێنانی هێز و توندوتیری**: شۆڕشەکان بریتین لە بەکارهێنانی **هێز**، لە زۆر حاڵەتدا **توندوتیژی** بەکاردەهێنن وەک ئامرازێک بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان.

- **کاریگەری درێرخایەن**: شۆرشە سەرکەوتووەکان، توانای دروستکردنی گۆرانی کۆمەڵایەتییەن هەیە، دەتوانن ڕەوتی مێژوو دابڕێژن، لەئەنجامدا پێکهاتەی سیاسی، یاسا، نۆرم، بەها، سیسەتەمی ئابووری نوێ، دروست دەکەن، ئەمانەش کاریگەری درێژخایەنیان دەبێت بەسەر کۆمەڵگاوە.

- **قۆناغەکانی ناسەقامگیری**: پاش سەرکەوتنی شۆڕش، بەهۆی(بێ ئەزموونی شۆڕشگێڕان لە حکومڕانی کردن، ڕووخان و تێکچوونی دەزگاکانی حکومەت، پیلانگێری لایەنگرانی حکومەتی پێشوو لە دژی شۆڕش، جەنگ و شەڕی ناوخۆیی...)، دەبنە هۆکاری ناسەقامگیری.

**جۆرەکانی شۆڕش:**

شۆڕش چەند جۆرێکی هەیە، هەریەکەیان بە **فاکتەر** و **ئامانجی** جیاواز تایبەتمەندن. لێرەدا چەند جۆرێکی باو دەخەینەڕوو.

١- **شۆڕشی سیاسی**: ئامانجی ڕووخاند یان گۆڕینی سیستەمی سیاسییە و دامەزراندنی **فۆرمێکی نوێی حوکمڕانییە.**

٢- **شۆڕشی کۆمەڵایەتی**: هەوڵی گۆڕینی **کولتور، بەها، نەریت، نۆرمەکان** دەدات، گرنگی دەدات بە پرسەکانی وەک **چینایەتی، جیاکاری، نادادپەروەری کۆمەڵایەتی.**

٣- **شۆڕشی ڕۆشنبیری**: ڕێنسانس، **بنبڕکردنی نەخوێندەواری**، نمونەی شۆڕشی ڕۆشنبیرین.

٤-**شۆڕشی پیشەسازی**: ئاماژەیە بۆ گۆڕانکاری ئابووری، نمونە: گۆڕینی **شێوازی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی بۆ شێوازی بەرهەمهێنانی پیشەسازی.**

٥- **شۆڕشی تەکنەلۆژی**: کاتێک ڕوودەدات کە پێشکەوتنێکی خێرا لە بواری تەکنەلۆژیادا هەبێت، کاریگەری بەرچاوی لەسەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا هەیە وەک **پەیوەندی**، **گواستنەوە**، **چاودێری تەندروستی**، یان **پیشەسازی.**

٦- **شۆڕشی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی**: ئەم جۆرە شۆڕشە تیشک دەخاتە سەر **ڕزگارکردنی نەتەوەیەک** لە **دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزم و هەژمونی بیانی**، شۆڕشگێڕان بەدوای خواستی **سەربەخۆی و چارەنوسی خۆیاندا** دەگەڕێن.

٧- **شۆڕشی ناتوندوتیژ**: ئامانجیان بەدیهێنانی **گۆڕانە** بەبێ ئەوەی پەنا بۆ شۆڕشی **چەکداری** یان **توندوتیژی** ببات. پشت **بە نارەزایەتی ئاشتیانە**، **هەڵمەتی مەدەنی**، **مانگرتن**، تاکتیکی ناتوندوتیژیتر دەبەستن، بۆ هێنانەدی گۆڕانکاری کۆمەلایەتی و سیاسی.

**٨- شۆڕشی ئایینی**: شۆڕشە ئایینییەکان هەوڵ دەدەن **باوەڕ و ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراوی ئاینی**، وەک بنیاتنانەوەی دەوڵەت و کۆمەڵگە دامەزرێنن.

**٩-شۆڕشی فێمینیستی**: شۆڕشە فێمینیستییەکان هەوڵی بەدەستهێنانی دادپەروەری جێندەری، یاخود یەکسانی جێندەری و چارەسەرکردنی کێشەکانی ماف و بەهێزکردنی ژنان دەدەن. تیشک دەخەنە سەر بەرەنگاربونەوەی سیسیتەمی پیاوسالاری و برەودان بە یەکسانی یاخود دادپەروەری ڕەگەزی.



زۆر سوپاس